# ڕێبەری حەوتەم – وانەی (٣٢)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) تیتۆس |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (تیتۆس ١- ٣).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .
تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ١٢: ٣ |

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن : یۆحەنا ١٢: ٣٢ .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) یۆحەنا ١٤: ١- ٣١ |

**پێشەکی** : بەشەکانی یۆحەنا 14- 17 باس لە گفتوگۆی عیسا و نوێژکردنی لە شێوی خوداوەند دەکات . وە یۆحەنا ١٤ عیسا دڵنەوایی قوتابیەکانی دەکات ، وە بەڵێنی پێدان بە ناردنی ڕۆحی پیرۆز بە بەردەوامی و کردنی ئەو کارانەی مەزنتر لەوەی خۆی کە کردوونی.

| |
|---|
| **هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەکەی خودا** |
| پێکەوە یۆحەنا ١٤: ١- ١٣ **دەخوێنینەوە** . |
| بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە . |

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە.          تێبینیەکان**

**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

**بنوسە** . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).

هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**یۆحەنا ١٤: ١- 4**

**<u>ئاشکراکردنی ١</u>: ئەو هۆکارەی وا دەکات باوەڕدارانی مەسیح هەمیشەو بە بەردەوامی متمانەیان بە خودا بێت .**

عیسا فەرموی : " نیگەران مەبن. پشت بە خودا ببەستن ، پشت بە منیش ببەستن. ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە، ئەگەر ئاوا نەبووایە پێم دەگوتن. من دەچم تاکو شوێنتان بۆ ئامادە بکەم. جا کە ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم. ئێوەش ڕێگای ئەو شوێنە دەزانن کە بۆی دەچم. " نیگەران مەبن واتە بەردەوام متمانەتان بە خودا بێت ، دڵی قوتابیەکان پڕ بوو لە جۆرەها سۆز ، ئەوان پێشتر دڵتەنگ بوون بەوەی مەسیح بەجێیان دەهێڵێ ، وە هەستیان بە شەرمەزاری کرد چونکە لەنێو خۆیاندا دەجەنگان لەسەر ئەوەی کامیان مەزنترە ئیدی زۆر سەرگەردان و پەرێشان بوون بەتایبەتی بەهۆی پێشبینیەکەی عیساوە کە یەکێکیان ناپاکی لەگەڵدا دەکات و دەیدات بە دەستەوە وە یەکێکیان نکوڵی لێدەکات و وازی لێدەهێنێت ئیدی جێگیرو چەسپاو نەبوون و زۆر بیریان دەکردەوە هاوکات مەسیحیان خۆش دەویست و ئەوان بەهیوای ئەوە بوون بارودۆخەکان بگۆڕێ بەشێوەیەکی دیکە ، باوەڕەکەیان کەوتە ژێر تاقیکردنەوەوە ، بۆیە عیسا پێی وتن بەردەوام بن لە متمانە و باوەڕیان وە دەتوانن بەردەوام بن لەو باوەڕو نەریتەیان چونکە مەسیح یەکسانە بە خودای باوك وە دەیانبات لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو شوێنەی کە خۆی لێ دەبێت ئاسمانی نوێ وزەوی نوێ.

**یۆحەنا ١٤: ٥- ٦**

**<u>ئاشکراکردنی ٢: ئەو هۆکارەی وا دەکات عیسا ڕێگەو راستی و ژیان بێت .</u>**

عیسا لە ئایەتی ٦ دا فەرموی : " منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوك لە ڕێگەی منەوە نەبێت ."

**أ. عیسا ڕێگایە .**

عیسا تەنها ڕێگای باوك پیشان نادات ، بەڵکو خۆی تەنها ڕێگایە بەرەو خودا. عیسای مەسیح خۆی خودایە . وە لە سروشتە خوداییەکەیدا یەکسانە بە خودا ، چونکە ئەو پێناسە دەکرێ بەهەر یەك لە خەسڵەتەکانی خودا بە ڕەهایی . بۆ نمونە عیسا تەنها خۆشەویستی نەبوو یان خۆشەویستی پەیڕەو بکات بەڵکو ئەو خۆی خودی خۆشەویستی بوو . هەروەها بێتاوان و بێگوناهـ بوو بە تەواوەتی . بۆیە ئەو بۆخۆی خودی ڕێگاو ڕاستی و ژیانە نەك هۆکارێك بێت .

**ب. عیسا ڕاستیە .**

عیسا بۆخۆی بەرجەستەیە بە ڕاستی ، ئەو بەرزترین ڕاستیە و پڕو تەواوە و کۆتایی یە لەبەرامبەر سێبەری پەیمانی کۆندا ، ئەوەی وێنەی دەدایەوە ( کۆلۆسی ٢: ١٧) ئەو پلانی خودای ڕاگەیاند بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی ( کۆلۆسی ١: ١٥؛ ٢: ٩) ، وە هەر کەسێك ئەو بناسێ خودای باوك دەناسێ ( یۆحەنا ١٤: ٧) . عیسای مەسیح ئەو ڕاستیەیە بەرامبەر بە درۆ ( ساختەو ناڕاستی) . ئەو ڕقی لە درۆیەو جەنگی بەرامبەر دەکات. هەر کەسێك باوەڕ بهێنێ بە عیسای مەسیح باشتر وزیاتر بەدیهێنەرو ڕزگارکار دەناسێ تا بەتەواوی دەیناسێ . هەر کەسێك ڕاستی بناسێ ئەو بەهێزو کاریگەر دەبێت لەسەری ، وە ڕاستی ئازادی دەکات و پیرۆزی دەکات بە تەواوی ( یۆحەنا ٨: ٣٢؛ ١٦: ١٣؛ ١٧: ١٧).

**ج. عیسا ژیانە .**

واتای عیسا ژیانە ئەوەیە هەموو خەسڵەتە شکۆدارەکانی خودای تیادا بەرجەستەیە ( یۆحەنا ١: ٤) . چونکە عیسای مەسیح خودی ژیانە ، ئەو سەرچاوەی ژیانی باوەڕدارانە ( یۆحەنا ١: ٤؛ ٣: ١٦) . بەو پێیەی ئەو ڕوناکی ژیانە ، خەسلەتی خودا دەردەخات . بە پێیەی وشەی خودایە ، خواستی خودا دەردەخات بۆ باوەڕداران تاکو هەموان چێژ وەرگرن لە بەشداریان لەگەڵ خودای باوك ( یۆحەنا ٨: ١٢؛ ٦: ٦٨) . ئەو هاتە جیهان تاکو باوەڕداران ژیانێکی باشتریان هەبێت ( یۆحەنا ١٠: ١٠) . وە عیسا بۆخۆی ژیانە ، بەرامبەر بە مردن . ئەو مردنی ڕۆحی ومردنی جەستەیی و مردنی هەتاهەتایی و لەناوچوونی بەزاند. وە هەر کەسێك باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنێ ژیانی هەتاهەتایی دەبێت ، وە لە مردنی جەستەیی هەڵیدەستێنێتەوە ، وە دۆزەخ وئازاری دۆزەخ نابینێت ! ژیان لە مەسیحدایە ، باوەڕدار دەگۆڕێ ونوێ دەکاتەوە و دەیکات بە میراتگری خۆی لە ئاسمانی نوێ وزەوی نوێ. وەك چۆن مردن واتە جیابوونەوە لە خود ، ژیان واتە بەشداریکردن لەگەڵ خودا ! عیسای مەسیح ڕزگارم بکە لە گوناهەکانم و ئازادیم بدەرێ بێم بۆلات و لە ئامادەبوونت و هاوبەشیکردنە مەزنەکەتدا بم لەگەڵ خودا کە هیچ سنورێکی نیە .

| |
|---|
| **هەنگاوی ٣: <u>پرسیار بکە</u>** . ڕونکردنەوە |

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ١٤: ١- ١٣ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).

**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).

(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**یۆحەنا ١٤: ٧- ٩**

**پرسیاری ١ : <u>واتای چی یە خودا بناسین بە راستی ؟</u>**

**تێبینیەکان** :

عیسا لە یۆحەنا ١٤: ٧- ٩ دەفەرموێ : " ئەگەر ئێوە منتان بناسیایە، باوکمیشتان دەناسی. لە ئێستاوە دەیناسن و بینیوتانە ." عیسا زۆر بەڕوونی باسی خۆی دەکرد بەڵام قوتابیەکان نەیاندەزانی ئەو تەنها ڕێگاکەیە ئەوەی دەگاتە خودا . تەواوی بەشەکە ئاماژەیە بۆ ڕاگەیاندنی ڕزگاری خودا بە بێ عیسای مەسیح مەحاڵە چونکە ڕاگەیاندنی کۆتایی و هەمیشەیی پلانی خودا بۆ ڕزگاری تەنها لە عیسای مەسیحدایە ( بڕوانە عیبرانیەکان ١: ١- ٢) ! ناسینی خودا واتە دەستکەوتنی ناسینی ڕۆحی و بینینی ڕۆحی خودایی ، واتە دەستکەوتنی مافی چوونە بەردەم خودای باوك لە ڕێگەی عیسای مەسیح . ئەمەش واتە ئازادبوون و پیرۆزبوون لە ڕێگەی عیسای مەسیح . ئەمەش واتە چێژ وەرگرتنی قوڵ لەگەڵ خودای باوك لەڕێگەی عیسای مەسیح .

**یۆحەنا ١٤: ١٢**

**پرسیاری ٢ : <u>ئەو کارە مەزنە کامەیە باوەرداران دەیکەن ؟</u>**

**تێبینیەکان :**

عیسا لە یۆحەنا ١٤: ١٢ دا بەڵێن دەدات بە قوتابیەکانی و دەفەرموێ : " ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەو کارانە دەکات کە من دەیکەم، لەمانەش گەورەتر دەکات، چونکە بۆ لای باوك دەچم." ڕێزلێنانی گەورە بۆ قوتابیەکان ئەوە بوو کە عیسا بڕوات بۆلای باوك بۆ ئاسمان ، چونکە ئەمە کاریگەری زیاتری دەبێت ! ئیدی دەتوانن ئەو کارانە بکەن کە عیسا دەیکرد ، واتە پەرجوەکان لە بواری جەستە . هەروەها دەتوانن کاری مەزنتر بکەن واتە پەرجوی جیهانی ڕۆحی ! بە پێی یۆحەنا ٥: ٢٠- ٢٤ کارەکانی عیسای مەسیح بریتی بوون زیاتر لە پەرجوو لە بواری جەستەیی وەکو چاککردنەوەی نەخۆش و زیندوو کردنەوەی مردوو ، ئەم پەرجوانەش بە شێوەیەکی گشتی لە نێو جولەکەدا ئەنجامدرا ، کاری مەزنتر کە قوتابیەکان دەیکەن خاوەنی ئەو سروشتە فراوان وکاریگەرەیە کە زۆر مەزنترە . ئەم کارە مەزنانەش کە قوتابیەکان دەیکەن بە شێوەیەکی تایبەت هێنانی نەتەوە بتپەرستەکانە بۆ باوەڕ لە هەموو جیهاندا ! عیسا بەم وشانەی بیری لە کارەکانی دەکردەوە لە ڕێگەی قوتابیەکانیەوە لە جیهان . ئەمەش لە یۆحەنا ١٢: ٢٣- ٣٢ دەبینینەوە کاتێ فەرموی هەموو خەڵکی بۆلای خۆی ڕادەکێشێ ، هەروەها لە یۆحەنا ١٧: ٢٠ کاتێ فەرموی نوێژ دەکات لە پێناوی هەموو خەڵکی ئەوانەی باوەڕ دەهێنن لە ڕێگەی قوتابیەکانەوە. بەڵام ناکرێ ئەم کارە مەزنانە ئەنجام بدرێ تا دوای مردنی عیسای مەسیح وهەستانەوەی و ڕژانی ڕۆحی مەسیح بەسەر قوتابیەکاندا .

**یۆحەنا ١٤: ١٣- ١٤**

**پرسیاری ٣: ئایا دەکرێ باوەڕداران هەرچیەکیان ویست داوای بکەن لە نوێژدا ؟**

**تێبینیەکان .**

نوێژ و کاری مەزن لە کرداری نێردراوان . عیسا لە یۆحەنا ١٤: ١٣ بەڵێنی دا بە قوتابیەکانی و فەرموی : " هەرچییەك بە ناوی منەوە داوا بکەن دەیکەم..." ناکرێ لە دەرەوەی ئایەتەکە بڕوانین چونکە دەبێتە خراپ بیرکردنەوە لە داواکاریە جیاوازەکان کە بریتین لە خۆویستی . ئەم ئایەتە ئاماژە بۆ کارە مەزنەکانی باسکراو لە ئایەتی ١٢ دەکات. کارە مەزنەکانی ئاماژە پێکراویش لە ئایەتی ١٢ دا پێویستی بە نوێژی قوتابیەکانە . وە لە کرداری نێردراوان کارەکانی جەستەو کارەکانی جیهانی ڕۆحی گرێدرابوون بە نوێژەوە ، بۆ نمونە ئەم نوێژانە لە کردار ٤: ٢٤ نوسراون هەروەها لە کردار ٦: ٤ بۆ بڵاوکردنەوەی وشەی خودا .

وە نوێژی پەترۆس لە کردار ١٠: ٢، ٩ بوە هۆی باوەڕهێنانی کۆمەڵێ لە خەڵکی یەکەمی نەتەوەکان .
وە نوێژی باسکراو لە کردار ١٢: ٥، ١٢ بوە هۆی ئازادکردنی پەترۆس لە زیندان !

نوێژ بەناوی عیسای مەسیح . ئەو نوێژانەی کە عیسای مەسیح وەڵامی دەداتەوە دەبێت بەناوی عیسای مەسیحەوە بێت . واتە نوێژ " بەناوی عیسا" ئەو نوێژەیە لەسەر بنەمای کاری ڕزگاری تەواوەتی لەپێناوی باوەڕداران ، واتە نوێژ بەپێی خواست و دەسەڵاتە تەواوەتیەکەی . دەبێت باوەڕداران بەردەوام بەو شێوەیە نوێژ بکەن " بەڵام نەك بە خواستی من، بەڵکو بە خواستی خۆت بێت ." (لۆقا ٢٢: ٤٢) .

هەندێ جار وەڵامی مەسیح بۆ نوێژ "بەڵێ: دەبێت وە هەندێ جار "نەخێر" دەبێت ، وە هەندێ جاریش "چاوەڕوانبە" ! باوەڕداری مەسیح کە نوێژ دەکات بەو شێوەیە دەتوانێ دڵنیا بێت و متمانەی هەبێت کە هەرچی ڕوودبدات لە دواییدا ئەوە خواستی خودایە بە تەواوەتی !

**یۆحەنا ١٤: ١٦**

**پرسیاری ٤: بۆچی ڕۆحی پیرۆز بە "یارمەتیدەرێکی دیکە" ناودەبرێ؟**

**تێبینیەکان .**

وشەی ڕەسەنی یۆنانی وەرگێردراو بۆ " یارمەتیدەر" پاراکلیتۆس . ئەم وشەیە هیچ خامۆشی و بێ جوڵەیەك لە خۆ ناگرێ و واتە هەمیشي چالاکە وەك بڵێی ڕۆحی پیرۆز کەسایەتیەکەو بانگ دەکرێ بۆ یارمەتیدانمان و بەس وەکو پارێزەو ڕاوێژکار ، ئەوەش ئەو واتایەیە کە هەندێ جار لێی تێ گەیشتوون . هەروەها بەو واتایە نایەت کە لە ئەیوب ١٦: ٢ دا هاتوە چونکە ئەم وشەیە هەڵگری واتای ئەرێنی پڕ لە ژیان وکارو چالاکە : تارمەتیدەر یان نێوەندگیر یان نوێنەر وەك هەندێ جار لە کتێب ودەستنوسە یۆنانیەکانی دیکەدا دەبینرێن .

عیسای مەسیح نوێنەری باوەڕدارانە لەلای خودای باوك لە ئاسمان ، ( لەیۆنانیدا پاراکلیتۆس)
(عیبرانیەکان ٩: ٢٤)!

وە ڕۆحی پیرۆز نوێنەری عیسای مەسیحە لەگەڵ باوەڕداران لەسەر زەوی (پاراکلیتۆس) ( یۆحەنا ١٦: ١٣- ١٥) . ڕۆحی پیرۆز نێوەندگیرە لە نێوان مەسیح و باوەڕداران وە زۆر بە چالاکی کار دەکات بۆ شرۆڤەی وشەکان وفێرکردنەکانی عیسا بۆ باوەڕداران لەسەر زەوی ( یۆحەنا ١٤: ٢٦؛ ١٥: ٢٦؛ ١٦: ١٤) . وە ڕۆحی پیرۆز کارە ڕزگاریەکانی عیسای مەسیح تەواو دەکات لە ژیانی خەڵکیدا لەسەر زەوی .

ئیدی بەم شێوەیە ، ڕۆحی پیرۆز نوێنەرە بەڵام مەسیح نیە بەڵکو نوێنەرێکی دیکەیە . ڕۆحی پیرۆز نوێنەرە یان نێوەندگیرێکی دیکەیە ، وەك ئاماژەیە بۆ جیاوازی لە عیسای مەسیح ، بەڵام لە سروشتی خوداییدا هەر یەکن لەگەڵ خودای باوك و خودای کوڕ ، جەوهەرو ناوەڕۆکیان یەکە . ڕۆحی پیرۆز هەموو شتێکە بۆ ئێمە لەسەر زەوی هەر وەك بڵێی مەسیح تا ئێستا لەسەر زەویە !

**یۆحەنا ١٤: ٢٥- ٢٦**

**<u>پرسیاری ٥: جیاوازی چیە لە نێوان فێرکردنەکانی عیساو فێرکردنەکانی ڕۆحی پیرۆز ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

عیسا فەرموی : " ئەمانەم پێ گوتن کە هێشتا لەلاتانم. بەڵام یارمەتیدەرەکە، ڕۆحی پیرۆز، ئەوەی باوك بە ناوی منەوە دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات و هەموو ئەو شتانەی پێم گوتوون بیرتان دەخاتەوە ." عیسا لەم دوو ئایەتەدا جیاوازی دەکات لە نێوان فێرکردنەکانی خۆی لە خزمەتەکەی لەسەر زەوی وە فێرکردنەکانی ڕۆحی پیرۆز کاتێ لە ئاسمان دەبێت لە شکۆمەندیە مەزنەکەی ! کاتێ عیسا لەگەڵ قوتابیەکانی بوو لەسەر زەوی ، زۆر شتی فێرکردن . وە چوار ئینجیلەکە پڕن لە فێرکردنەکانی عیسا تا ئەو کاتەی لەسەر زەوی بوو.

بەڵام زۆربەی ڕوداوە گرنگەکان هێشتا ڕوویندابوو . دواتر هەڵدەستێتەوەو بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان و دادەنیشێت لەسەر تەختەکەی لە ئاسمان ! وە عیسا فەرموی دوای بەجێهێشتنی جەستەی زەمینەیی ئەو زۆر کاری ڕوونتر دەکات لە ڕێگەی هاتنی ڕۆحی پیرۆزەوە . وە عیسا بەڵێنی دا کە ڕۆحی پیرۆز هەموو ئەو شتانەی گرنگن بۆ ڕزگاریی قوتابیەکانی فێر دەکات وە ئەرکیان وەکو شایەتی بۆ مەسیح هەروەها . وە بەڵێنی دا ڕۆحی پیرۆز هەموو ئەوانەی پێی ڕاگەیاندوون ئەو کاتەی لەسەر زەوی بوە بەبیریان بهێنێتەوە. عیسای مەسیح بەردەوام دەبێت لە تەواوکردنی ئەرکە پێشبینیەکەی لە ڕێگەی فێرکردنەکانی ڕۆحی پیرۆزەوە . وە نامەکانی نێردراوان پڕن لە إیرکردنەکانی عیسا لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە دوای بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان .

**أ. ڕۆحی پیرۆز بەهەموو ڕاستیەك ئەوانەی مەسیح دوا لەبارەیەوە ئەو کاتەی لەسەر زەوی بوو هەمووی دەهێنێتەوە یاد .**

بۆچی ڕۆحی پیرۆز ئەو ڕاستیە کۆنانە دەهێنێتەوە یاد ؟ چونکە مەسیح لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە قوڵترین ڕاستی دەدات بە قوتابیەکانی لەوەی فێری کردن لەسەر زەوی ، ئەو ڕاستیانەش زۆربەیان نەنوسران کاتێ گوێبیستی بوون ( بڕوانە یۆحەنا ٢: ٢٢؛ ١٢: ١٦) . بۆیە ، پۆڵسی نێردراو دواتر لە ١ کۆرنسۆس ٢: ١٣ دا دەڵێت : " ئەوەی باسی دەکەین لە دانایی مرۆڤەوە نەهاتووە، بەڵکو لە فێرکردنی ڕۆحەوە هاتووە، بەم شێوەیە فێرکردنی ڕۆحی بۆ کەسانی ڕۆحانی لێکدەدرێتەوە."

**ب. ڕۆحی پیرۆز ڕاستی نوێ فێری قوتابیەکان دەکات .**

بۆچی ڕاستی نوێ فێر دەکات ؟ چونکە لە نێوان بەڵێنی عیساو ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەردا و هاتنە دی ئەو بەڵێنە ، ڕووداوی زۆر گرنگ ڕوویدا : لە خاچدانی مەسیح و هەستانەوەی و بەرزبونەوەی و دانیشتنی لە ئاسمان و ڕژانی ڕۆحی . هەموو ئەم ڕوداوانە پێویستی بە شرۆڤەو ڕاڤە هەبوو بۆئەوەی خەڵکی جیهان بتوانن لێی تێبگەن و ئامانجی ئەم ڕوداوانە بزانن ، وە بەتایبەتی ئامانج لە مردنی مەسیح و هەستانەوەی .

**ج. قوتابیەکان پێویستیان بە ڕۆحی پیرۆز بوو .**

نێردراوان پێویستیان بە ڕۆحی پیرۆز بوو ، چونکە دەبنە شایەت بۆ مەسیح . وە نێردراوان شایەتی فەرمین لەسەر مردنی وهەستانەوەی و فێرکردنەکانی . وە دەبنە کەرەستەی ئەو بۆ چاندنی کڵێسا لە نێو جولەکەو سامیری و نەتەوەکاندا . وە دەبنە کەرەستەی ئەو لە نوسینەوەی بەشەکانی پەیمانی نوێدا ، وە دەبنە ڕاڤەکاری فەرمی و دەسەڵاتدار بۆ فێرکردنەکانی عیساو تۆماری ڕاپۆرتی بیروباوەڕی مەسیحیەت .

**د. باوەڕدارانی ئەمڕۆ پێویستیان بە ڕۆحی پیرۆزە .**

ڕۆحی پیرۆز خۆی باوەڕداران فێر دەکات بۆئەوەی تێبگەن لە کتێبی پیرۆز و بەبیریان دەهێنێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لەوەی عیسا چی لێیان دەوێت و دەبێت چۆن بن و چی بن و چی بکەن . ڕۆحی پیرۆز خۆی خۆشەویستی و دانایی و ئازایەتی و هێز دەدات بە باوەڕداران بۆئەوەی ببنە شایەت بۆ عیسای مەسیح لەسەر زەوی ( مەتا ١٠: ١٩- ٢٠؛ ١تیمۆساوس ١: ٧) .

**یۆحەنا ١٤: ٢٧**

**پرسیاری ٦: وشەی "ئاشتی" واتای چیە ؟**

**تێبینیەکان .**

وشەی ئاشتی دوو واتای ناوازەی هەیە لە کتێبی پیرۆزدا .

لە ڕووی نەرێنیەوە " ئاشتی " واتە نەمانی ململانێ و کێشەی دەرەکی و جەنگ و نەمانی هەڵچوونی نێوخۆیی و توڕەیی و ترس و هەستکردن بە تەنگژەیی و ململانێ ڕەوشتیەکان ، تاد .

وە لە ڕووی ئەرێنیەوە "ئاشتی" واتە چاکسازی و چاککردنەوەی ئەوانەی هەڵەو کەموکوڕی و شورەیی تێدا بوە . ئاشتی واتە چاککردنەوەی پەیوەندیە تێکشکاوەکان ، وە گەڕانەوەی ئامانجە فەرامۆشکراوەکان لە ژیاندا ، وە چاککردنەوەی هەستە بریندارەکان ، وە چەسپاندنی هەموو ئەوانەی خودا بە پێویست و گرنگی دەزانێ لە ژیانی باوەڕداراندا .

**یۆحەنا ١٤: ٢٨- ٢٩**

**پرسیاری ٧: بە چی واتایەك باوك مەزنترە لە عیسا ؟**

**تێبینیەکان .**

عیسا فەرموی : "گوێتان لێبوو پێم گوتن: دەڕۆم و دێمەوە لاتان. ئەگەر منتان خۆشبوێ، دڵشاد دەبن کە دەچمە لای باوك، چونکە باوك لە من مەزنترە. ئەوەتا ئێستا پێش ڕوودانی پێم گوتن، تاکو کاتێك ڕوویدا باوەڕ بهێنن. "

**أ. دوو سروشتی عیسای مەسیح لە ئینجیلی یۆحەنادا .**

سروشتی مرۆڤانەی عیسای مەسیح : چونکە یۆحەنا ١٤: ٢٨ زۆرجار ڕاڤە دەکرێت بەشێوەیەکی جیا لە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ خەڵکی پێیان وابێت کە عیسا خودا نیەو یەکسان نیە بە خودای توانادار . بەڵام ئەم دەرئەنجامە هەڵەیە .

کاتێ ڕاڤەی ئەم ئایەتە دەکرێت لە چوارچێوەی ئینجیلی یۆحەنادا بە ڕوونی دەبینرێ کە عیسا ئاماژە دەکات بۆ سروشتە مرۆڤانەکەی بە شێوەیەکی تایبەت نەك سروشتە خوداییەکەی ! چونکە وەکو نێوەندگیر لە نێوان خەڵکی و خودا عیسای مەسیح مرۆڤە ، دواتر لە سروشتە مرۆڤانەکەیدا نزمترە لە خودای باوك ئەوەی ڕۆحەو مەزنترە لە هەموو بونەوەرێک وئادەمیزاد ! وەك چۆن عیسا لە یۆحەنا ١٠: ٢٩ دەفەرموێ : " باوکم ... لە هەموان مەزنترە " لێرەدا لەبارەی سروشتی مرۆڤانەوە دەدوێ . ئەمەش واتە ئەو ماوەیەی پێش هەستانەوەی عیسای مەسیح لە مردن عیسا ملکەچ بوو بۆ ئازار و هەڵگرتنی گوناهەی گەلەکەی لە جیهاندا و مردنی لە بری ئەوان . وە کاتێ عیسا دەفەرموێ کە باوك لەئەو مەزنترە ، قوتابیەکانی ئامادە دەکات بۆ ڕاستیەك کە ئەو دەمرێت ( بڕوانە مەرقۆس ٨: ٣١؛ ٩: ٣١؛ ١٠: ٣٢- ٣٤) . ئیدی بەم شێوەیە ، ئەو تەنها لەو ماوەیەدا ، ماوەی ژیانی ساکارانەی سەر زەوی ، نزمتر بوو لە خودای باوك ( بڕوانە فیلیپی ٢: ٦- ٨).

سروشتی خودایی عیسای مەسیح : دوای هەستانەوەی عیسای مەسیح لە مردن و بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان و دانیشتنی لە ئاسمان، عیسا گەڕایەوە بۆ هەمان شکۆ ئەوەی پێش بونی بە مرۆڤ هەیبوو ( بروانە یۆحەنا ١٧: ٥) وە بڕوانە ( ئیشایا ٤٥: ٢١- ٢٣؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١) وە ( عیبرانیەکان ١: ٨؛ ١٢: ٢ ؛ بینین ٥: ٦؛ ١٢: ٥؛ ٢٢: ٣).

خەڵکی دنیایی لە لۆقا ١٦: ٨ گوزارشە لە خەسڵەتی گوناهەی خەڵکی ئەم جیهانە . بەڵام ڕۆڵەی ڕوناکی ئاماژەیە بۆ ئەوانەی خاوەنی خەسڵەتی ڕوناکین . ئیدی بەم شێوەیە کاتێ عیسا فەرموی " من کوڕی خودام" یۆحەنا ١٠: ٣٠ ئەو گوزراش دەکات لە ڕاستیەك کە خاوەنی خەسڵەتی خودایییە ، واتە خودایە . لەبەرئەوە عیسا فەرموی : " من وباوك یەکین" یۆحەنا ١٠: ٣٠ ؛ باوك لەمندایەو منیش لە ئەودام " یۆحەنا ١٠: ٣٨ " ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە " یۆحەنا ١٤: ٩ . بۆیە یۆحەنا ووتی : " وشەکە خۆی خودا بوو (یۆحەنا ١: ١) . " هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام کوڕە تاقانەی خودا، ئەوەی لە باوەشی باوکدایە، خودای دەرخست ." ( یۆحەنا ١: ١٨) . عیسای مەسیح یەکسانە بە خودای باوك بە تەواوەتی لە ناوەڕۆك وجەوهەری خودایی .

**ب. دوو سروشتەکەی عیسای مەسیح لە نامەکانی نێردراوان دا .**

سروشتی مرۆڤانەی عیسای مەسیح : لە بەرجەستەبونیدا کاتێ خودا سروشتی مرۆڤانەی وەرگرت لە عیسای مەسیحدا تەنها عیسای مەسیحی نەکرد بە مرۆڤ بەڵکو خزمەتکاری هەموو خەڵکی تەنانەت ملکەچ بوو تا مردن لە پێناوی رزگاریی هەموو خەڵکی ( فیلیپی ٢: ٧- ٨) . ( ١ کۆرنسۆس ١٥: ٢٨) .

سروشتی خودایی عیسای مەسیح : عیسای مەسیح خاوەنی سروشتی خودایییە . ئەو یەکسانە بە خودا ( فیلیپی ٢: ٦) ( کۆلۆسی ١: ١٥) ( کۆلۆسی ١: ١٩) ( عیبرانیەکان ١: ٣) .

مەسیح دوو سروشتی هەبوو ؛ بە خەسڵەتی خودایی کە یەکسانە بە خودای باوك بە تەواوەتی ، وە بە خەسڵەتی مرۆڤانە کە نزمترە لە خودای باوك ( کۆلۆسی ١: ١٥) .

**ج. دوو سروشتی عیسای مەسیح لە پەیمانی کۆندا .**

سروشتی مرۆڤانەی عیسای مەسیح : ئیشایا پشبینی کردوو ووتی: " چونکە کوڕێکمان دەبێت،کوڕێکمان پێدەدرێت و سەرکردایەتی دەکەوێتە سەرشانی .ناوی لێ دەنرێت سەرسوڕهێنەر و ڕاوێژکار، خودای بە توانا،
باوکی هەتاهەتایی، میری ئاشتی." (ئیشایا ٩: ٦) عیسای مەسیح بە خودای بەتوانا ناودەبرێ لە ئیشایا ٩: ٦ وە بە عیبری "ئیل جبور" وە لە ئیشایا ١٠: ٢٠- ٢٣ بە "یەهوە" و " پیرۆزی ئیسرائیل" و:ئیل جبور" (خودای بەتوانا) و " یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار" (ئەدۆنای یەهوە سەبائوت) واتە یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالاری سوپای فریشتەکانی ئاسمان . ئیدی بەم شێوەیە ، پێغەمبەر ڕایدەگەیەنێ کە عیسای مەسیح خودایە !

**د. عیسای مەسیح هەمان ئەو ڕێزەی هەیە کە خودای باوك هەیەتی.**

عیسا دەفەرموێ ئەو هەموو دەسەڵاتێکی ئاسمان وزەوی پێدراوە (مەتا ٢٨: ١٨) وە پۆڵس دەڵێت : " بۆ بەجێگەیاندنی لە تەواوی زەمانەدا، تاکو هەموو شتێك لە زەوی و ئاسمان لەژێر دەسەڵاتی مەسیحدا و لە ڕێگەی ئەوەوە یەك بخات." ( ئەفەسۆس ١: ١٠) وە : " ئەوەی دابەزی هەر خۆی بەرزبووەوە بۆ سەر هەموو ئاسمان، تاکو هەمووی پڕ بکاتەوە." ( ئەفەسۆس ٤: ١٠) وە پەترۆس دەڵێت : " ئەوەی بەرەو ئاسمان ڕۆیشت و لە دەستەڕاستی خودا دانیشت، فریشتە و دەسەڵاتدار و هێزەکان ملکەچن بۆی. " ( ١ پەترۆس ٣: ٢٢) . بۆیە دەبێت ئاگادار بین سوکایەتی بە عیسای مەسیح نەکەین بەوەی بڵێین پێگەی ئەو نزمترە لە خودای باوك. یۆحەنا ٥: ٢٣ فێرمان دەکات کە :" تاکو هەموو ڕێزی کوڕەکە بگرن هەروەك ڕێزی باوك دەگرن. ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی. " !

**<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیرەوی بکە</u>. پەیرەوکردن**

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیرەوی بکەن ؟

**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ١٤: ١- ٣١.

**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیرەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

**<u>١- نمونە لەسەر پەیرەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا (١٤) .</u>**

١٤: ٦، ٩ : خودا باشتر دەناسم لەڕێگەی باشتر ناسینی عیسای مەسیحەوە .

١٤: ١٢: باوەڕت هەبێت کە عیسای مەسیح دەیەوێ لە تۆدا "کاری مەزن" ئەنجام بدات لە ئەم جیهانەدا !

١٤: ١٣: زیاتر ئازا بەو نوێژ بکە کە عیسای مەسیح "کاری مەزن" لە ڕێگەی تۆوە ئەنجام بدات لە ئەم جیهانە .

١٤: ٢١، ٢٣ : فێرکردنەکانی عیسای مەسیح و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ بکە ، وە کاتێ عیسای مەسیح خۆی ڕادەگەیەنێ بۆت ، لەگەڵتدا نیشتەجێ دەبێت .

١٤: ٢٦: ڕێگە بدە بە ڕۆحی پیرۆز ئامانج ومەبەستی فێرکردنەکانی عیسای مەسیحت فێر بکات .

**٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :**

أ. دەمەوێ چێژ وەربگرم لەو ڕاستیەی کە من خودا دەناسم . عیسای ڕزگاریەکەی و مەسیح خودای باوکی ڕاگەیاند بۆم . واتای "خوداناسی" ئەوەیە بتوانی بچیتە نێو ئامادەگی خودای باوك وپێکەوە لەگەڵیدا بیت لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە ، ئەمەش واتە ئازاد بوونم و پیرۆزبوونم لە عیسای مەسیحدا ، واتە بەشدار دەبم لەگەڵ خودای باوك لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە ، من پێشوازیم لە عیسای مەسیح کردوە بە باوەڕ بەمەش دەتوانم بچمە نێو پەیوەندی لەگەڵ خودا . من بەردەوام دەبم لە لێکۆڵینەوەی ڕاستی تایبەت بە عیسای مەسیح لە کتێبی پیرۆزدا ، وە من زیاترو زیاتر ئازاد دەبم لە گوناهە . من سوورم لەسەر ئەوەی بمێنمەوە و چەسپاو بم لە مەسیحدا ، دواتر چێژ وەردەگرم لە بەشداریکردنی بێ سنور لەگەڵ خودا.

ب. دەمەوێ متمانەم بە عیسای مەسیح هەبێت و بەشدار بم لە کارە مەزنەکانیدا . کارە مەزنەکانی ئەوەیە نەتەوە بتپەرستەکان باوەڕ بهێنن! ئەم کارە مەزنانەش پێویستی بە نوێژم هەیە . ئەگەر نوێژ لە کرداری نێرداراون ٦: ٤ ببێتە مایەی بڵاو بونەوەی وشەی خودا و زۆربوونی ژمارەی باوەڕدارانی گوێڕایەڵی مەسیح ،دەمەوێ منیش هەروەها نوێژ بکەم ومتمانەم هەبێت کە خودا وەڵامی نوێژەکانم دەداتەوەو هەمان ئەنجامی دەبێت بۆ گوندەکەم وپارێزگاکەم وشارەکەم.

**<u>هەنگاوی ٥: نوێژ بکە</u>** **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا ١٤: ١- ٣١ .

( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ).

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داکۆکیکاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ١٤.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە عیبرانیەکان 1-3. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن . یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .